# له سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە ڕێکردنەوە خواردنمان دەخوارد، و (ئاو وشلەکانی ترمان) دەخواردەوە کاتێک بە پێوە بووین

له ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «له سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە ڕێکردنەوە خواردنمان دەخوارد، و (ئاو وشلەکانی ترمان) دەخواردەوە کاتێک بە پێوە بووین».
[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورمذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

کردەوەی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خواردنەوە بە پێوە دروستە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر ئەم کردەوەیان، بەڵام باشتر وایە مرۆڤ لە کاتی خواردن وخواردنەوەدا دابنیشێت؛ چونکە ئەمە سونەتی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کە هاتووە، سەبارەت بە خواردنەوە بە پێوە هاتووە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێکردووە، بەڵام ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نەهی کردنەکە بۆ حەرامبوون نییە، بەڵکو خواردن وخواردنەوە بە پێوەی پێچەوانەی باشترینە: واتا باشتر وکامڵتر ئەوەیە مرۆڤ بە دانیشتنەوە خواردن وخواردنەوە بخوات، وئەگەر بە پێوە خواردن وخواردنەوە بخوات بە تایبەت لە کاتی پێویستدا ئاساییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4948